# هەر بوارە و زاراوەی خۆی

کەریم سۆفی

* ئەوەی جێگەی مشتومڕ و گەنگەشە نییە و هەموو لایەک لەسەری کۆکین، ئەوەیە کە بوارە جۆراوجۆرەکان زاراوەی تایبەت بەخۆیان هەیە و لە شوێنی خۆیان بۆیان بەکاردێن، بەڵام لەنێوان زاراوە و وشەی ئاساییدا، جیاوازی بەرچاو تەنیا هەر ئەوەیە کە وشەی ئاسایی ڕووت (مجرد)، زیاتر خۆی لە واتەی ناو فەرهەنگ (قاموس)ی ئاسایی دەبینێتەوە و لە شوێنی خۆی لە ناو ڕستەدا، مانایەکی ڕاستەوخۆی نزیک و دیاریکراوی هەیە، هەرچی زاراوەیە، وێڕای واتە تایبەتییە فەرهەنگییەکەی، دوورتر دەڕواو وەک چەمک و زاراوە و هەندێک جار ئیدیۆم بۆ بواری تایبەتی خۆی بەکاردێت، ئەگەرچی زمان دایکی زاراوەیە، بەڵام زاراوە، وەک وشەیەکی ئاسایی لە ڕووی گەیاندنی واتە و مەبەست، تەنیا هەر حسێبی وشەیەکی ڕووتی ناو فەرهەنگی بۆ ناکرێت، هەر ئەوەش وای کردووە کە بوارە جۆراوجۆرەکانی دنیای نووسین کە هەموویان هەڵقووڵاو و کاردانەوەی دنیایەکی پڕ لە جووڵە و جموجووڵی چالاکییە نەپساوەکانی مرۆڤ و مرۆڤایەتین، ئەوە لە ڕووی پیشەیی و پسپۆڕێتی و شێوازی بەڕێوەچوون و بەڕێوەبردن و خستنەکار، پەنا ببەنە بەر زاراوەی تایبەت بە بوارەکان، لەوانە: زاراوەکانی بواری ئەدەبی، سیاسی، کولتووری، فەلسەفی، فیکری، ڕاگەیاندن، ئابووری، بازرگانی، ئایینی، یاسایی، کۆمەڵایەتی، جەنگی، سەربازی، دەریایی، کەشتییەوانی و سەدان کار و پیشەی تری جۆراوجۆر.

* لەم ڕۆژانەدا لەناو ڕۆژنامەیەکی کوردی(١)، لە میانەی بڵاوکردنەوەی هەواڵێکی تایبەت بە بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی (خەڵاتی ڕۆماننووسی ناودار (جۆرج ئۆرویل)

بۆ باشترین کتێبی سیاسی).

له کاتی باسکردنی پێکهێنانی لیژنەی دادوەری، یان هەڵسەنگاندن بۆ بژاردەی کەسان و نووسەرانی بەرهەم پێشکەش کردوو، یان خۆ ناونووس کردوو بۆ بردنەوەی خەڵاتەکە، دوو ڕستەی ناو بلاوکردنەوەکە سەرنجیان ڕاکێشام و بوون بە مایەی هەڵوەستە کردنم و ئەم ڕادەربڕینەم:

١- ڕستەی «جۆناسان دارییشایر ئەندامی لیژنەی دادوەری....».

٢- ڕستەی «هاوکات کاندیدەکانی خەڵاتەکە ڕووبەڕووی تەحەدا دەبنەوە.»

لێرەدا تیشکەکە زیاتر لەسەر هەردوو وشە، یان دەربڕینی زاراوەی (دادوەری) و (کاندید)ـە.

دیارە وشەی (دادوەری) کە واتای (القضاء- العدالة- المحكمة...تاد) دەگرێتەوە کە پەیوەستە بە دادگایی کردنی کەسێک، یان کەسان و لایەنێک کە وەک تاوانبار دەخرێنە بەردەم (دادوەر) بۆ وەرگرتنی سزای خۆیان، نەک خەڵات کردن! بۆیە ئەم زاراوەیە، یان چەمکە یاساییە، بۆ ئەم حاڵەتەی ئێرە گونجاو نییە، چونکە دروست نییە بڵێین (لیژنەی دادوەری) کە (لجنة المحكمة) دەگرێتەوە و پەیوەستە بە ناو فەرمانگەی (دادوەری و دادگا و دادگایی کردنەوە...)، بۆیە بە دروستتری دەزانم بۆ ئەم جۆرە حاڵەتانەی کە سیمای پێشبڕکێ و فیستیڤاڵ و پاڵەوانبازێتی و خەڵات و خەڵاتکاری وەردەگرن، لیژنەی هەڵسەنگاندن، پێداچوونەوە، تاووتوێ کردن، خەڵاتبەخشین، یان بەربژێران، ناوبژێران(٢)...تاد بەکار بێت.

سەبارەت بە بەشەکەی تر (کاندیدەکانی خەڵاتەکە...)، وشەی (کاندید) کە لە بنچینەدا فەرەنسییە و وەک زاراوەیەکی سیاسی، کەسێک، یان چەند کەسێک، یان لایەنێک خۆیان بۆ نوێنەرایەتی کردنی چین و توێژ و حزب و لایەنێک بەربژێر دەکەن کە لە کاتە دیارکراوەکانی جێبەجێکردنی کاری هەڵبژاردن، ئەگەرچی ئەم زاراوەیە لە بواری سیاسی و حاڵەتەکانی هەڵبژاردندا تارادەیەک وەک سەدان وشەی تری بیانی جێگەی خۆی گرتووە، بەڵام پێشتر وشەی کوردی و خۆماڵیمان هەبوو وەک خۆپاڵاوتن، خۆپاڵێو، پاڵێوراو... ئەگەرچی ئەمانەش زیاتر هەناسەی وەرگێڕانی وشەی (مرشح و ترشيح)ی زمانی عەرەبییان پێوە دیارە، بەڵام جێگەی خۆیان گرتووە، دیارە بەم دواییانەش وشەی (بەربژێر) وێڕای وشەی کاندید بەکاردێت. ئەمانەش وەک گوتمان هەموویان زیاتر زاراوەی بواری یاسایی و سیاسین، بەڵام ئەوەی لێرەدا وەک هەواڵ لە ڕۆژنامەکەدا بلاو کراوەتەوە، بۆ کارێکی ئەدەبییە و پەیوەستە بە خۆ ناونووس کردن و پێشکەشکردنی چەندان بەرهەمی ئەدەبی لە لایەن ئەدیب و نووسەران بۆ پێشبڕکێی بردنەوەی خەڵاتێک، بۆیە بەلامەوە دروستتر بوو بنووسرێت «ئەو نووسەرانە، یان ئەدیبانەی بەرهەمیان پێشکەش کردووە بۆ پێشبڕکێی بردنەوەی خەڵاتەکە، ڕووبەڕووی تەحەدا دەبنەوە..»

* هەر لەسەروبەندی ئەم نووسینەمدا بووم، کە وەک عادەت متووی ڕادیۆم و تا ئێستاش بەلای منەوە ڕێز و کاریگەری خۆی هەر ماوە و زۆربەی کات کە لە ماڵەوە خەریکی هەر جۆرە کارێک بم حەز دەکەم ڕادیۆ لە نزیکمەوە بێت! ئەوەبوو لە یەکێک لە ئێزگەکانی ڕادیۆکە لە میانەی خوێندنەوەی هەواڵەکاندا، هەواڵبێژەکە گوتی «... ئامێرەکانی ڕاگەیاندن...!» دیسان هەڵوەستەیەکم کرد و مر دامام و گوتم: ئێ.. باشە ئێستا دەزگاکانی هەواڵ، ڕاگەیاندن، هەواڵگری، گەیاندن...تاد وەک زاراوەیەکی باوی بوارەکە بێ خەوش جێگەی خۆی گرتووە! بۆچی ئەم وشە ناقۆڵایەی (ئامێر)ی بێ هیچ خواست و بیانوویەک بۆ بخەینە گەڕ؟ پاشان وشەی ئامێر زیاتر بۆ بوارەکانی زانستی و پیشەسازی بەکاردێت.

* یان کاتی خۆی لەناو چیرۆکێکدا، چیرۆکنووس لە ڕستەیەکەدا نووسیبووی «شەمەندەفەرەکە کەوتە بزووتنەوە..» دیارە بزووتنەوە وەک وشەیەکی قامووسی واتەی (حركة) دەگەیەنێت، بەڵام وەک زاراوە لە بواری سیاسی- سەربازی بەکاردێت، نەک بۆ جووڵەی ئۆتۆمبێل و مرۆڤ و شەمەندەفەر و...تاد، بۆیە دروستتر بوو بڵێت «شەمەندەفەرەکە کەوتە جووڵە، یان وە جووڵە کەوت...تاد»

* هەروەها جارێکیان لەنێو نووسینێکی ئەدەبیدا، ڕستەیەک ڕای گرتم و سەرنجی ڕاکێشام کە نووسەرەکەی نووسیبووی (بەهێڵی عەرەبی بوو..) کە لەوێدا مەبەستی بە خەت و نووسین، یان ڕێنووسی زمانی عەرەبی بوو، بەینێک دامام و گوتم: باشە (هێڵ) ڕاستە

(خط) دەگەیەنێت بەواتا قامووسییەکەی، بەڵام دیسان وەک زاراوەیەکی سیاسی و جوگرافی و سەربازی لە شوێنی خۆی بۆ واتای خۆی بەکاردێت، وەک دەڵێین (هێڵەکانی سەر سنوور، هێڵەکانی پێشەوەی جەنگ، هێڵی بەرگری...تاد)، بەڵام بۆ بواری زمان و زمانەوانی ئەوە نووسین، ڕێنووس، خەت، دەستوخەت، دەستخەت، بەکاردێن، خۆ ئەگەر وشەی (خەت)ەکەی بەکارهێنابووایە، هیچ خەوشێکی نەبوو، چونکە لەمێژە سەروسیمایەکی کوردانەی پێ بەخشراوە و بووەتە کوردی و هەزاران جار بینیومانە و نووسیومانە و خوێندوومانەتەوە (دەست و خەتەکەی، دەستخەتەکەی، جوانە، ناشیرینە، ناخوێنرێتەوە...تاد)

ئەمانەی سەرەوە هەموویان تەنیا وەبیرهێنانەوەیەکن، بەڵکو ببێتە مایەی سوود و فەرێک بۆ هەموو لایەکمان و ئومێدەوارم ئەم گوتانەم وەک ڕاوبۆچوون وەربگیرێن، نەک سەپاندن و بەسەردا سەپاندن، چونکە مەبەست تەنیا خزمەت گەیاندنە بە زمانی کوردیمان کە لە ڕۆژگارێکی وەک ئەمڕۆدا وەک دیارە بەلێشاو کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەی جۆراوجۆر بە زمانی کوردی دەردەچن و زانا و نەزان تێیدا لە تەراتێندان، کەچی کێشە و ئاریشەکانی زمانەکەمان وەک بەرپرسێتییەکی نەتەوەیی کەمتر لای لێ کراوەتەوە و لەوپەڕی بێ نازی و بێ خزمەتیدا ئارەقەی هیلاکی لێ دەچۆڕێ.

**پەراوێزەکان:**

**١- ڕۆژنامەی ڕووداو (ئەدەب و کولتوور)، ژمارە (٢٣)، دووشەممە ٢٠١٧/٦/١٢، ل١.**

**٢- وەک پێشنیار بۆ ئەم جۆرە لیژنانەی کە پێشبڕکێیان تێدا دەکرێ بۆ بردنەوەی خەڵات و دیاری دابەش کردن، لیژنەی ناوبژیوان، یان (بەرهەم بژێران)م پێ باشە وەک زاراوەیەکی بوارەکە بەکاربێت، ئەمەش لەسەر هاودەنگی و هاوسەنگی (ناوبژیوان) بیری لێ کراوەتەوەوە کە بۆ (حەکەم)ی تۆپانێ و یارییەکانی تری وەرزشی و پێشبڕکێیەکان ڕۆیشتووە و بەکاردێت.**